

# بازاڕکردن و دەرچوونی شەوانە

لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا بەهۆی گەرما و کەمیی ماوە و بێتاقەتییەوە هێندە کاتت بۆ بازاڕکردن و دەرچوون نابێت، کەوایە دەتوانی بازاڕکردن و دەرچوونەکانت بۆ شەوانەی ڕەمەزان دابنێیت، هەروەها بە ڕۆژ کە برسیتە و دڵت بۆ هەموو شتێك دەچێت، ئەگەر بچیتە بازاڕکردن، ڕەنگە چەندین کەرەستەی زیاد بکڕیت کە دواتر سوودیان لێی نەبینینت، بۆیە لە شەودا کە کەشێکی فێنك و خۆشە، دەکرێ ئەندامانی ماڵەوەشت لەگەڵدا بێت، کاتێك چوویتە مارکێت و بازاڕەکان سەرەتا لەسەر کاغزێك کەرەستە پێویستەکان بنووسە، نەوەك لەوێ ماوەیەکی زۆر بگەڕێت و چەندین کەرەستەش لە بیر بکەیت، بۆیە واچاکە بیاننووسیتەوە و لەوێ ئەگەر کەرەستەیەکت بەرچاو کەوت، بیخەیتە لیستی کەرەستە پێویستەکان، هەوڵبدە بازاڕکردنت لە ناوەڕاستی ڕۆژانی هەفتەدا بێت، واتە (سێشەممە، یان چوارشەممە)، هەوڵبدە بۆ بازاڕکردن کەمترین کەسی خێزانەکەت لەگەڵدا بێت، چونکە لەو کاتە هەریەکە بۆ شوێنێك دەڕوات و داوای شتێك دەکات، ئەگەر وا بێت، شپرزە دەبیت و زۆربەی کەرەستەکانت بیر دەچیت، لە نێو مۆڵ و بازاڕەکاندا کەرەستەکانی پێشەوە هەڵبگرە، چونکە ئەوانەی پێشەوە تازەن، هەروەها بە وردی سەیری ڕەفەکان بکە و دوای کڕینی هەموو کەرەستەکانت پێداچوونەوە بە لیستی پێداویستییەکاندا بکەرەوە نەوەك شتێکت بیر چوویێت.



# چۆنێتی گرنگیدان بە کات

لە مانگی ڕەمەزاندا پێویستە زیاتر بە کاتەوە پابەند بیت، ئەگەرچی ڕۆژەکانی ڕەمەزان درێژن، هەندێ جار فەرامۆشی و ئاگادارنەبوونت دەبێتە مایەی بەپەلە ئەنجامدان و تێکچوونی کارەکانت، بۆیە تا دەتوانی کارەکانت لە کاتی خۆی ئەنجام بدە.

د.ئەمەل بۆرشك دەڵێ: «وەك چۆن گرنگی بە جوانیی جلوبەرگ و ژیانمان دەدەین، پێویستە گرنگی بە تەرخانکردنی کاتەکانیشمان بدەین و پابەندی مەوعیدەکانیشمان بین، وێڕای ئەوەی هەموو مرۆڤێك کاتژمێرێکی بایۆلۆژی لە جەستە و هەستیدا هەیە، کە ئاگاداری دەکاتەوە، بەڵام هەندێ جار بە هۆی کارێك، یان نووستنەوە سەرقاڵ دەبیت و کاتی لە بیر نامێنێت، لەم چەند ڕێنماییانەی خوارەوەدا چۆنێتی گرنگیدان بە

## کەرەستە گرنگ و سەرەکییەکانی ژووری چێشتخانە

زۆر کەرەستە هەن کە کارەکانت ئاسان دەکەن، هەندێکیان وەك کەرەستەی سەرەکی دادەنرێن و پێویستە هەمووانت هەبێت، چونکە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا کاتێکی زۆرت نابێت تا هەموو کارەکانت بە دەست ئەنجام بدەیت، بۆیە ئامێر و کەرەستەکان یارمەتیدەرت دەبن، کە بریتین لە: خەڵاتە، زۆر گرنگە ئەو کەرەستەیەت هەبێت تا کاتێکی زۆرت بۆ بگەڕێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر خەڵاتەی کارەبایی، یان دەستییش بێت بەسوود دەبێت بۆت. ئۆڤن، کاری سوورکردنەوە و برژاندنت بۆ ئاسان دەکات و خواردن باش سوور دەکاتەوە. ئامێری وردکردن، تا زیاتر دەستت ماندوو نەبێت و کاتێکی زۆریش بەهەدەر نەدەیت، با ئەو کەرەستەیەت لەماڵدا هەبێت، چونکە بەسوودە بۆ وردکردن و چێکردنی گۆشت و کەرەستەی دیکە. گسکی کارەبایی، گرنگترین و بەسوودترین ئامێرە بە کاتێکی کەم ماڵەکەت پاك دەکاتەوە و ماندووبوونیشت کەم دەکاتەوە. قاپشۆر، هەوڵبدە ئامێری قاپشۆرت هەبێت، چونکە ماوەیەکی زۆرت پێویستە تا قاپوقاچاغە زۆرەکانی ئێوارانی بەربانگ بشۆریت.



## بێ ماکیاژیش هەر شاجوان بە



لە مانگی ڕەمەزاندا ڕەنگە ئاسایی نەبێت هەموو کات ماکیاژ بکەیت، یان ئەوەندە دەرفەتی ماکیاژکردنت نەبێت، تەنانەت ناکرێت بەردەوام ماکیاژ بە ڕوخسارتەوە دیاربێت، وەك چۆن تەواوی جەستە لەو مانگەدا پشوویەك وەردەگرێت، وابکە ڕوخساریشت پشوو بدات، واتە تا دەتوانی ماکیاژ مەکە، یان ڕێژەیەکی کەم ماکیاژ بکە، ئەوکات دەتوانی بە بێ ماکیاژیش وەك شاجوانێك دەربکەویت، بۆئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پەیڕەو بکە: بەرەبەیان ڕوخسارت جوان بشۆ، هەروەها مەساجێك بۆ تەواوی ماسوولکەکانی ڕوخسارت بکە، ئەگەر کاتت هەبوو دەتوانی ماسکێك بکەیت و لە ڕوخسارتی بدەیت، لێوانت بە فڵچەیەکی پاکی ماکیاژ پاك بکەوە و پێیدا بخشێنە، تا دەمارەکانی لێوانت خوێنیان بۆ بچێت و گەشتر دەربکەون، دەتوانی (سیرۆم) ی دەوڵەمەند بە ڤیتامین سی بەکاربهێنێت، سیرۆم شەوانە بەر لە نووستن لە ڕوخسارت بدە، هێندە مەچۆرە بەر هەتاو، ئەگەر وایخواست لەبەر هەتاو بیت، کڵاوێك لەسەر بکە، هەروەها کرێمی دژەخۆریش بەکاربهێنە، برۆکانت بە دەست شانە بکە، تا گەش و دیار بن، ئەگەر مووی زیادەشی هەبوو، دەتوانیت ڕێکیان بکەیت.

## ـــــەکانت لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا

کاتەکانت لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا بۆت ڕوون دەکەینەوە. سەرەتا پێویستە کاتژمێرەکانت بە تەواوی کار بکەن، چ ئەوانەی ماڵەوە، یان ئەوانەی دەست و نێو مۆبایلەکەت، هەوڵبدە بەر لە کاتژمێرێك کاتی زەنگلێدان دابنێی، تا کار و ئەرکەکەت بە بیر بهێنێتەوە، لە کاتی دانانەوەی کاتی زەنگەکانیش دەنگی مۆبایلەکەت کز مەکە تا کاتی زەنگەکە ئاگاداربیت و لە خەو هەڵسیت، لە پارشێواندا لە کاتێکی دیاریکراو کە دەزانیت پێی رادەگەیت دەست بە کارەکانت بکە، نەوەك بە پەلەپەل دەست بکەیتە کار و ناڕەزایی ئەندامانی ماڵەوەشی لێ بکەوێتەوە، لە دوای پارشێو کارەکانی دیکەت بکە، تا ئێوارە کە لە کاتژمێر چوار دەست بە خۆئامادەکردن بۆ بەربانگ بکە، کارەکانیش لەسەر کاغەزێك بنووسەرەوە تا لە بیریان نەکەیت.



## مردنە سەیرەکەی نمایشکارێکی جلوبەرگ

مردن حاڵەتێکی لەناوکاوە و کات و شوێن ناناسێت، وەك تارمایی یەخەی هەموو مرۆڤێك دەگرێت، هەندێك جار مردنی مرۆڤەکان دەبێتە حاڵەتێکی سەیر و لە کات و شوێنی وا ڕوودەدات دەبێتە جێی سەرنجی هەمووان. تالیس سوارێز نمایشکارێکی بەڕازیلییە و حاڵەتێکی شۆك و کتوپڕی لە جیهانی مردندا تۆمار کرد، ئەو خانمە دانیشتووی شاری ساوپاولۆی بەرازیل بوو، دوای ئەوەی لە نمایشێکی جلوبەرگدا بەشدار بوو، لە کاتی نمایشدا ساتمەیەکی کرد و کەوت، دواتر هەڵدەسایەوە و هەندێکی دیکە ڕۆیشت، دیسان لەسەر ستێجی نمایشکردن کەوت، دوای ئەوەی بردیان بۆ نەخۆشخانە لە ڕێگادا گیانی لەدەستدان، سەرپەرشتیاری کارەکانی دەڵێ: «تالیس هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، تەنانەت کەسێکی ڤیجیتری بوو، واتە زیاتر سەوزە و میوەی دەخوارد، کەچی بەم حاڵەتە سەیرە سەری نایەوە».





## دەوڵەتی ئافرەتان


بە دووری (١٦) کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئیستونیان، کاتێك دەگەیتە کەنداوی (کینۆ)، هیچ پیاوێکت بەرچاو ناکەوێت، تەنانەت بۆت نییە سەردانی ئەو کەنداوە بکەیت، ئەو کەنداوە تەنیا بۆ ئافرەتانە و لە داهاتوودا دوور لە پیاوان دەبێتە دەوڵەت و وڵاتی ئافرەتان، ئەو ناوچەیە بۆ ماوەیەکی زۆر چۆڵ کرابوو، ئێستا نزیکەی (٤٠٠) ئافرەت سەرپەرشتی و دەسەڵاتداریی ئەو شوێنەیان وەرگرتووە، خاوەنی ئەو بیرۆکەیە کەسێکە بەناوی (مار ماتاس)، زۆربەی پیاوانی ئەو وڵاتە خەریکی ڕاوی ماسی و گیاندارەکانی نێو دەریان، هەیانە بە مانگ ناگەڕێتەوە ماڵەوە، ئافرەتەکانیشیان بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر ببەن، ڕوویان لەو کەنداوە کردووە، چەندین خانوو و شوێنی گەشتیارییان دروست کردووە، تا ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری بۆ خەڵکی ناوچەکە و گەشتیارانی بیانی، ئەوەی لەو کەنداوە ڕوودەدات، بریتییە لە نمایش و سەما و گۆرانیگوتن و خواردن دروستکردن، کە هەموو ئەوانەش تەنیا لەلایەن ئافرەتانەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

## ناوازەترین هۆتێل

ڕاپۆرتێکی پێگەی (ناشیۆنال جوگرافیك) سەیرترین و سەرنجڕاکێشترین هوتێلەکانی لە جیهاندا دەستنیشان کردووە و بە یەکێك لە کارە ناوازەکانی بواری ئەندازەیی و بیرۆکە سەرنجڕاکێشەکانی داناوە، ئەو هۆتێلانەش بریتیین لە: هۆتێلی (جۆگارسکار) لە وڵاتی سوید کە لە سەهۆڵ و بەستەڵەك دروست کراوە، لە چەند ژوورێکی بچووك پێکهاتووە و لە ساردترین شوێنی گۆی زەوی و لەژێر زەوی دروست کراوە، هەورەها هۆتێلی (بالاسیۆ دیل ساڵ) دەکەوێتە وڵاتی پۆلیڤیا، ئەم هۆتێلە لەسەر ئاو دروست کراوە، وەك گەڕانەوەیەك بۆ ژیانی سەرەتایی کە چۆن مرۆڤ لەسەر کەشتیدا ژیاوە.







# مزگەوتی گەورەی قەڵا دێرینترین مزگەوتە لە کوردستان

یەکێکە لە مزگەوتە دێرین و جوانەکان، دەکەوێتە سەر قەڵای هەولێر و یەکێکە لە دێرینترین مزگەوتەکانی کوردستان، تا ئێستاش شوێنێکە بۆ نزا و پەرستن و نوێژ و بۆنە و یادە ئایینییەکان و بە یەکێك لە دێرینترین مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دادەنرێت، مێژووی ئەو مزگەوتە بۆ ساڵی (٧٠٣)ی زایینی واتە ساڵی (٢٤)ی کۆچی دەگەڕێتەوە، سەچاوە مێژووییەکان دەڵێن، مزگەوتەکە لە سەردەمی ئیمامی عومەر و لەلایەن عوتبەی کوڕی فەرقەدی سەلەمی دروست کراوە، چەندین بۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر مێژووی ئەو مزگەوتە هەن، هەندێکیان دەڵێن کە پێشتر پەرستگای زەردەشتییەکان بووە، بەشێکی دیکەش دەڵێن کڵێسا بووە و پاشان کراوەتە مزگەوت، ئەو مزگەوتە لە سەردەمی عەباسییەکان نۆژەن کراوەتەوە، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە بوونی قوتابخانەیەك لە تەنیشت مزگەوتەکە دەکەن، کە شوێنی خوێندن بووە و چەندین زانای لێی هەڵکەوتووە، بەڵگەش بۆ ئەو بابەتە بوونی نەخش و نیگارن کە ئاماژە بۆ ساڵانی (١٧١٩ و ١٧٢٠) دەکەن، دەربارەی ناوی مزگەوت و مەدرەسەکە دەگوترێت کە بە ناوی (قوتابخانەی قەڵای مەنسوورە) بووە، هەروەها بەناوی (مزگەوتی گەورەی مەنسوورە) ناسراوە، تەنانەت تا بەم دواییەش بە مزگەوتی (ئەفەندی) دەناسرا، چونکە مەلا ئەفەندی ڕۆڵی کاریگەری بۆ خزمەتکردنی مزگەوتەکە هەبووە، دوای کۆچی دوایی مەلا ئەفەندی، دواتر ڕەشاد موفتی سەرپەرشتیی مزگەوتەکەی لە ئەستۆ گرتووە، بۆ یەکەمین جاریش وتاری هەینی لەسەدەی (١٨) کە بە فەرمانێکی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی بۆ کراوە لەو مزگەوتەدا خوێندراوەتەوە، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە ڕۆڵی (ئەتابەکییەکان) دەکەن، کە زۆرترین بایەخیان بەو مزگەوتە داوە، لە زۆربەی سەردەمەکاندا ئەو مزگەوتە نۆژەن کراوەتەوە تا جوانتر بێت، زیاتر لە (١٧) مەلا و زانا لە نەوەی (مەلا ئەبووبەکری سانین) لەو مزگەوتەدا کاری پێشنوێژ و وتارخوێنییان کردووە، هەورەها لە مەدەرەسەکەشدا وانەی فەقێیاتی و ئایینی گوتراوەتەوە، تا ئێستاش بە یەکێك لە خۆشترین و جوانترین مزگەوتەکانی کوردستان دادەنرێت.




## جانتا بچووکە بێ سوودەکە



جیهانی مۆدە و جوانکاری ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرهەمهێنانی کەرەستە و کەلوپەلی سەیر و ناوازە ناوەستن، پێشتر چاکێتی پارچەکراو و پانتۆڵی جینزی دڕاو و ماکیاژی جاڵجاڵۆکە جوانترین بەرهەمە تازەکانی بواری جوانکاری بوون، ئەمجارەیان لەوانەی پێشوو سەیرتر دەرکەوتنی جانتا بچووکەکانە، ئەو جۆرە جانتایە نە شوێنی مۆبایلێکی تێدا دەبێتەوە نە دەتوانی قەڵەمێك ناویدا هەڵبگریت، ئەو جۆرە جانتایە لەلایەن دیزاینەری فەڕەنسی (سیمۆن بۆرت جاکیمۆس) بە ناوی مارکەی (Jacquemus) دروست کردراوە، چەندین ڕەنگی هەیە، لەوانە: سپی، ڕەش، زەرد، شین، نرخی ئەو جانتا بچووکە (٤٨٠) دۆلارە، جگە لەوەی بێسوود و بێکەڵکە، کەچی وەك ئەوەی مۆدێکی سەرنجڕاکێش بێت و شانازی بە جوانییەکەیەوە بکەن، لەلایەن خانمانی نمایشکار و کچە بەناوبانگەکان ڕەواجێکی زۆری هەیە.

## ـێلەکانی جیهان

هۆتێلی (کاکسلاتانین) لە وڵاتی فینلەندا کە لەنێو کێڵگەی پەلەوەردا دروست کراوە. چیای ئەفسوناویی (ماجیك ڕۆك) ئەویش یەکێکە لە زنجیرە هۆتێلەکانی وڵاتی چیللی و بریتییە لە زنجیرە چیایەکی تەواو، کراوەتە هۆتێل و لە بەرزترین پێگەدا دەتوانی سەیری خوارەوە بکەیت و تەنانەت بۆت هەیە ڕاوی گیانداران و ماسیشی تیایدا بکەیت. سەیرترینیان بەناوی (کۆستا ڤێردی)ە، کە لە فڕۆکەیەك پێکهاتووە و دەکەوێتە وڵاتی (کۆستاریکا)، فڕۆکەکە لەجۆری (٧٢٧)ـە و ساڵی (١٩٦٥) دروستکراوە، بەڵام دوای لە کارکەوتنی ئێستا کراوەتە هۆتێلێکی سەرنجڕاکێش.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە گەنجی ئەم سەردەمە دەکات، کە زۆربەی کاتەکانی ژیانیان بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و مۆبایلەوە خەریک کردووە، کە هێندە بەدیار یارییەکانەوە دادەنیشن تا وایان لێهاتووە وەك دار رەگ دابکوتن.



## نوکتە



رەزیلێك ئۆتۆمبێلەکەی وەردەگەڕێت و خەڵك لێی کۆدەبنەوە. لەو کاتەدا هەر هاوار دەکات و دەڵێ: ئۆتۆمبێلەکەم تێکشکا. هەموو سەروەت و ماڵم رۆیشت. خەڵکەکەش پێی دەڵێن: خەمی ئۆتۆمبێلەکەت نەبێت، سەیری دەستت بکە پەڕیوە، ئەویش سەیرێکی دەستی دەکا و دەڵێ: سەعاتەکەم کوا؟!

## جلوبەرگ لە پەڕی تاوس

رۆژانە جلوبەرگی جۆراوجۆر دەهێندرێنە بازاڕەکانەوە، زۆربەیان لە قوماش و خوری و پەموو، یان لە پێیستی گیانداران دروست دەکرێن، کەچی ئەو کراسە جیاوازە لەگەڵ جلی ئاسایی، لە وڵاتی چین وادیارە بیرۆکەیان بۆ دروستکردنی جلوبەرگ لە کەرەستەی دیکە هەیە، وەك دروستکردنی جلوبەرگ لە پەڕی باڵندەکان، چینییەکان توانییان کراسێکی ئافرەتان لە پەڕی تاوس چێ بکەن، کە نزیکەی (٢٠٠٠) تەڵی پەڕیان بەکارهێناوە تاوەکو کراسەکە تەواو ببێ، نرخی ئەو کراسەش دەگاتە یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار.

## پوختـ

### John Wick: Chapter 3 – Parabellum - جۆن ویك

یەکێکە لە فیلمە سەرنجڕاکێش و بەجۆشەکانی بواری ئەکشن و دوای ئەوەی بەسەر بەرزترین گرووپی سەرمێزەکاندا زاڵ دەبێت، دواجار (جۆن ویك)ی

## بۆ زانـ

### شاژنی ئۆقیانوس تایتانیك

تایتانیك ئەو کەشتییە زەبەلاحەی کە بۆ مرۆڤایەتی داهێنانێکی نوێ بوو، ساڵی ١٩٠٨ خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ساڵی ١٩٠٩ لە لیڤەرپوڵی بەریتانیا لەژێر سەرپەرشتیی کۆمپانیای زەبەلاحی (وایت ستار لاین)ـەوە دەستکرا بەدروستکردنی و لە ١٩١٢ کۆتایی بەکارەکانی هات، لە رێکەوتی ١٠-٤-١٩١٢ لە یەکەم گەشتیدا کە لە ساوسهامتۆنی بەریتانیاوە و بەرەو نیویۆرکی ئەمریکا بەڕێکەوت، تایتانیك پڕبوو لە کەسە خانەدانەکانی ئەورووپا و بەریتانیا بە جۆرێك کە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەمەندەکانی بەریتانیا لەو کەشتییەدا بوون، تۆماس ئەندریوس کە باشترین ئەندازیاری بەریتانیا بوو، سەرپەرشتیی دروستکردنی ئەم کەشتییەی کردبوو، کەشتییەکە لە باشترین جۆری پۆڵای دەستکردی ناوەندی پیشەسازی جیهان دروستکرابوو، تایتانیك توانای




**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسایەتیت بەهێزە، با دڵیشت گەورە بێ و کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، لە ئێستاوە هەوڵبدە بە شێوەیەك وەڵامی کەسی بەرامبەرت بدەیتەوە، کە بڕوات پێ بکات و لێت زیز نەبێت، چونکە ماوەیەکە وا هەست دەکات لەبیرت کردووە، رەنگە بیەوێت لەو بارەیەوە چەند پرسیارێکت ئاراستە بکات.



**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێکی سەرکەوتووی و مەهێڵە کەسانی دیکە دەستکاری کاروباری رۆژانەت بکەن، بەهۆی ئەوەی بەرپرسیارێتیت زیاتر دەبێت، ناکرێت وەك جاران بە ئاسانی هەموو شتێك لەبەرژەوەندیی تۆدا بێت، هەرچەندە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بڕوات بە تواناکانت زیاتر بێت و دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنیت.



**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەوڵدانی خۆت بۆ ئەنجامدانی کارەکانت گرنگە، بۆیە لەو ماوەیە ئەرکی خۆت بە کەسی دیکە مەسپێرە، ئەم ماوەیە هەست بە بێزاری دەکەی، بەڵام بۆ کاتێکی کەمە و کۆتایی پێ دێت. کەسانی خاوەنی ئەم بورجە ئارەزوویان لە پەیوەندی سۆزدارییە و ئەوپەیوەندییە بۆ تۆش لە رێگادایە.



**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

بڕیارەکانت راست و دروستن و چاوەڕوانی ئەنجامەکانی بکە، گوێ لە قسەی بەرامبەرەکەت بگرە و واهەست مەکە کە هەموو کاتێك قسەی خۆت راستە، پێویستە بە شێوەیەکی زانستی بەراوردی بیروبۆچوونەکان بکەیت، ئەوکات بۆت دەردەکەوێت کە بیروبۆچوونی بەرامبەرەکەشت زۆر گرنگە.




**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دوای ئەو هەموو کێشە و خەمەی تووشت بوون هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، ئەوەندە بەشێوەیەکی دڵڕەقانە بیر لە خۆشەویستەکەت مەکەوە، لەکاتێکدا ئەو هیچ تاوانێکی نییە تا دڵی بشکێنیت، بەهۆی سەرکەوتنت لە پڕۆژەیەکی نوێدا دەستخۆشیت لێدەکرێت، تۆش هەوڵبدە تواناکانی خۆت دەربخەیت.



**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەرکەکانت بە رێکی بەڕێ بکە و لە کەس مەترسە، لەهەنگاوەکانی داهاتوو دوودڵیت، دەبێت زیاتر بەهێز بیت و ئەو بڕیارانە کاریگەریت لەسەر دروست نەکەن کە سەبارەت بە کاروبارەکانت دەدرێن، ئەمە یارمەتیت دەدات تا لە داهاتوودا شکستەکان دووبارە نەبنەوە، ئەو کاتە دەستخۆشیت ئاراستە دەکرێت.



## ـــــــەی فیلم



تارمایی کوشتن خۆی بەرامبەر خەڵاتێکی (١٤) ملیۆن دۆلاری لەلایەن ڕێکخراوێکی ئاسایش دەبینێتەوە، دواتر بەرامبەر ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە دەوەستێت و لە شەڕەکانی سەر شەقامدا بەسەریاندا زاڵ دەبێت، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (٢٣) خولەکە، لە دەرهێنانی (چاد ستاهیلسکی) یە، لە وڵاتی بەرازیل و چیك و شیللی وێنەی گیراوە، لە نواندنی هونەرمەندان (کیانۆ ریڤیز و هاڵ بێری و لۆرینز فیشبۆرن)ـە.

## ـــــــیاریت




هەڵگرتنی ٥٢ هەزار تەنی هەبوو، بەڵام ٤٦ هەزار تەنی هەڵگرتبوو، ژمارەی سەرنشینە گەشتیارەکانی ٢٤٣٥ گەشتیار بوون، ژمارەی کارمەند و دەستەی بەڕێوەبردن ٨٩٢ کەس بوون، کە بە تێکڕا دەکاتە ٣٥٤٧ کەس. تایتانیك لە ١٤-٤-١٩١٢ کاتژمێر (٤٠ : ١١) ی شەو لە زەریای ئەتڵەسی خۆی کێشا بە شاخێکی سەهۆڵینی بەهێزدا، کەشتییەکە بە چوار کاتژمێر و نیو نوقمی دەریا بوو، بۆیە کاتی نقومبوونەکەی لە ١٥ مانگ دانراوە، لە ٣٥٤٧ کەس تەنیا ٧٠٥ سەرنشین رزگاریان بوو، کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون.



## پەند و وتە

چارلی لویس دی سیکۆندات، بارۆنی دی لابرادی ئیتی دی مونتیسکیۆ، کە بە مۆنتیسکیۆ ناسراوە، لە ساڵی (١٦٨٩) لە برێدی لە فەڕەنسا لەدایکبووە، لە ساڵی (١٧٥٥) لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی یاسا گوتوویەتی: سەپاندنی یاسا دەبێ وەکو مردن وابێت، کە بەسەر هەمووواندا بسەپێت و بۆ هەمووان وەکو یەك بێت.



## فێلکاری چاو

ئەو وێنەیەی دەیبینن بە دوو شێوە دەردەکەوێت، کە دوو گیاندارن هەریەکە دژی ئەوەی دیکەیە، تۆش هەوڵبدە هەردوو گیاندارەکە لە وێنەکەدا دیاری بکەیت.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی بەهێزیت، بەڵام سەبارەت بە هەندێك بابەت بێدەنگی دەنوێنیت، بۆیە پێویستە داکۆکی لە کارەکانت بکەیت، ئەو بێدەنگییەی ئێستا پەیڕەوی دەکەی کەسی بەرامبەرتی خستۆتە بارێکی سەختی بیرکردنەوە، هەر قسەیەکت هەیە لێی مەشارەوە و راشکاوانە پێی بڵێ پێش ئەوەی لەدەستی بدەیت.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی ژیر و بەسۆزی، بۆیە مەهێڵە کەسانێکی ناحەز کارەکانت بشێوێنن، چونکە کەسێك هەیە کە چاودێریت دەکات، لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە دیارییەکی بەنرخت پێشکەش دەکرێت، دوای ئەوەی کۆتایی بە گرفتی نێوانتان هات هەر ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ دووبارە بەهێزبوونی پەیوەندیی سۆزداریتان.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەستت بپارێزە بۆ ئەو کەسەی کە ماوەیەك پێکەوە بوون، کەسێکی نزیکت گلەییت لێدەکات بەوەی هیچ هەواڵی ناپرسیت و ئەوت لەبیر کردووە، بە هەمان شێوە هاوڕێکانت پێیان سەیرە کە چۆن بە ماوەیەکی کەم گۆڕانکاریت بەسەردا هاتووە، بۆیان روون بکەوە کە ئەوانت لەبیر نەکردووە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

پارێزگاری لە بڕیارەکانی خۆت بکە و ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانت نەبوون لە خۆتی بە دوور بگرە، نهێنییەکانی هاوڕێکەت لای کەس باس مەکە، چەند کەسێك دەیانەوێت پلانێك دژی هاوڕێکەت دابنێن و داوات لێدەکەن کە نهێنییەکانی ئەویان بۆ باس بکەیت، چیتر هیچ قسەیەکی گرنگ لای ئەو کەسانە باس مەکە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

خەریکی کاروباری خۆت بیت باشترە لەوەی هەوڵی چارەسەری کێشەی کەسانی دیکە بدەیت، چونکە منەتیان پێت نییە، ئەگەر ناتوانیت بەرگەی دووریی خۆشەویستەکەت بگریت، ئەوا باشترین شت ئەوەیە ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، ئەم هەفتەیە بەهۆی سەرقاڵبوونت بەچەند کارێکی گرنگەوە زۆر ماندوو دەبیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ماوەیەکە خۆت فەرامۆش کردووە، پێویستە گرنگی بە خۆت بدەیت، بڕوا بەو قسانە مەکە کە دژی کەسی بەرامبەرت دەکرێن، چونکە دوورن لە راستی، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەی بۆ گەیشتن بەو شتەی ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینی. لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆش بە.